بۆ کۆ بانێ

بەختیار ئەحمەد

بۆ شەرڤانەکانی کۆبانێ کە تۆ شەهید دەکرێیت ئاسمان تورِیە و ئەجەل شرمن و ترسنۆك هەرمێی مردن کرچووکاڵ.

کەتۆشەهید دەکرێی ئەستێرەکان بێ نوورن وەك ئیمانەکەی ناو دڵی ئەوان گوللـەکان زۆر بێرِەحمن لەدەستی بەربەریەکانەوە دەچنە جەستەی فریشتەکان.

ئاه خودایە سەد ئاخ ئەوەی ناهەژێت رِووحی ئێمەیە ئەوەی دەنگی لێوە نایەت و ئەوەی مووچرِك نادا ئەوەی گرِ ناگرێ ئێمەین ئێمە ئێمە بەو رِاهاتنەمانەوە بەخوێنە بەوخوو گرتنەمان بەشکستەوە.

لێمان ببوورە ئەی فریشتە کەجانەوەرەکان دەرکران لە لانەی خۆرِاگری کەپەرچەمی سەرکەوتن هەڵدرا دەبینم لەسەر گۆرە پِر نورەکەت نوسراوە بەرخودان لێرەیە، ئازادی لێرەیە سەروەری ژن لێرەیە لەکوبانی ئەی سەرکردە ئەی سەروەری کوردان ئەی ویژدان هەژێنی مرۆڤایەتی با جیهان لەتۆوە فێری جوانی بوێری و سەرکردایەتی ئافرەت ببن ئەی شەرڤانانی من لەهەناسە پێوستتری بۆ ژیانم.

قەڵادزێ بەختیار ئەحمەد